



# شیعر بە کاتی گزنگ

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

کاتێک باس لە شیعر دەکرێ دەست و بەجێ کۆمەڵێ وشەی کێش و سەروادارمان بە زەیندا دێت و بیرمان بەرەو خەیاڵێکی ناسک و هەستێکی ڕۆحی دەفڕێ.

شیعر کۆڵەکەی قائیمی زمانی هەر نەتەوەیەکە و هەر زمانێک شیعری پێ بنووسرێت، نیشانەی ئەوەیە ئەو زمانە زیندووە، چونکە پانتایی و بەستێنی شیعری، یاریگەیەکی لەبارە بۆ یارییە زمانییەکان و گومان لە جەغزی شیعردا بە باشی دەتوانێت بای باڵی خۆی بدات و بوون و بان زیندووبوونی خۆی بسەلمێنێت. شیعر مەزرایەکی سەوزە کە وشەی نوێی تێدا دەڕسکێ و شاعیران دەتوانن بە خەیاڵ و ئەزموونی خۆیان جوانترین زاراوە (اصطلاح) و دەستەواژە دروست بکەن.

لە دوو دەیەی ڕابوردوودا تاقمێک (کۆمەڵێک) قەڵەمی بێ ئەزموون خەریک بوون بە ناوی نوێگەری و جیاوازییەوە شیعر بە لاڕێدا بەرن و تا ڕادەیەکی زۆریش هۆگرانی شیعر و خەیاڵی جوان و ئەدەبئامێزیان دڵسارد کردەوە و وای لێ هاتبوو خەڵک، تەنانەت پێکەنینیان بە شیعر دەهات. خەریک بوو دەبووە پەند (ضرب المثل)، واتە کەسێک قسەیەکی بێتامی بکردایە پێیان دەگوت: (کوڕە گوێی مەدەیە ئەوە شیعرە)، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کەسانێکی دەروەست و خاوەن ئەزموون لە هەمبەر زمانەکەیاندا هەستیان بە بەرپرسیارێتی کرد و بە خوڵقاندن و نووسینی شیعری ڕەسەن و ناوەرۆکتەوەر، شیعریان زیندوو کردەوە و جارێکی دی خوێنەران و عاشقانی شیعریان هیوادار کردەوە و لە گوڵجاڕی هەمیشە سەوز و دڵگری شیعردا میوانداریيان لێ کردن.

یەکێک لەو شاعیرە دەروەستانەی کە ئەمڕۆ لە دەوری چەپکە

گزنگەکەی کۆ بووینەوە (کەریم حیکمەتی)یە. ئەو شاعیرەی بە کتێبی (ئاوێنەیەک نیگا) هاتە بواری شیعرەوە و دەکرێ یەکەم کتێبی وەک ئەزموونێکی باش و سەرکەوتووانە چاو لێ بکرێت کە لێوڕێژە لە هەست و وێنە شیعری ڕەنگاوڕەنگ و هەست بزوێن.

کتێبی (گزنگ)یش لێوانلێوە لە هەست و خەیاڵ و وێنەی شاز و نەسواو. ڕوحی شیعر لە پانتایی گزنگدا شەپۆل دەدات و چەپک چەپک مزگێنیی تیشک و تریفە و جوانی پێیە.

**تاکوو ناوت دێ دڵم جینگڵ دەدا**
**موو بە مووم بۆ تۆ شەو و ڕۆژ چڵ دەدا**
**تاو لە هەنیەی تۆوە فێری خەندە بوو**
**چۆمی بسکت بۆنی تاڤگەی (بڵ) دەدا**

جوانی و ناسکی و سادەیی لەو شیعرەدا، چێژێکی شیرینی ڕوحی بە خوێنەرەکەی دەبەخشێ و بەرەو دنیای پاکژی خەیاڵی شاعیرانە دەستی دەگرێ و گەشتی ڕوحیی پێ دەکا. شیعری (دەمامک) یەکێکی تر لەو شیعرە بەهێز و پڕ هەستانەی نێو کتێبی (گزنگ)ە و لێرەدا دوو کۆپلە لەو شیعرە بۆ نموونە دێنمەوە و هیوادارم خۆتان کتێبەکە بخوێننەوەو ئەو ڕاستییەتان بۆ دەرکەوێ.

**سەردەمێکە بزە تەرەن**
**بەرەو کامە هەوار فڕین**
**ئەرێ کوا دەستێکی بە تین**
**یا لێوێ بۆ لاوک چڕین؟**
**کوڵی گریانێکی خەستم**
**بە چڵی داری هەستەوە**
**ڕێژنەی دڵتەنگی پاییزم**
**بە چاوانی هەڵبەستەوە**

شیعری بەرەو تریفە باوەشێکی پرسیار پێیەو شاعیر، خوێنەر هان دەدا بە دوای ئەو پرسیارانەدا بچێت و وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە. پەیامی شیعریش ئەوەیە، شاعیر پرسیار لە لای خوێنەر و بەردەنگ دروست بکات؛ قامک لەسەر دەردەکان دادەنێ، بەڵام دەرمانیان بۆ نادۆزێتەوە.

**پرسی من ئەمەیە بۆچی**
**هەتا دێ خەم پتر دەبێ**
**ڕووناکیی ئاوێنە دەشکێ و**
**خۆشەویستی بزر دەبێ**
**ئاخۆ بڵێی جارێکی دی**
**ببنەوە بە شەم چاوەکان**
**بەرەو تریفە هەڵبڕن**
**مرۆڤەکان، هەنگاوەکان**

گەر بمەوێ نموونەی جوان و ناسک لە شیعرەکانی (کەریم حیکمەتی)دا هەڵبژێرم، بە ڕاستی دەبێ لە یەکەم لاپەڕەوە دەست بە خوێندنەوە بکەم و وەک نموونەی جوان هەموو کتێبەکەتان بۆ بخوێنمەوە. کاتێک غەزەلەکانی دەخوێنییەوە، هێندە ناسک و پڕ چێژن دەڵێی بریا کەریم حیکمەتی هەر غەزەلی بنووسیبایە.

**بۆ بزەی لێوی بەهاریت گوڵ دەدەم**
**وا و بە وا و بۆ تۆ هەموو دەم چڵ دەدەم**
**دوێنێ ناخم هاتە سەیرانی کەزیت**
**ئەوڕو بۆیە تامی تاڤگەی «بڵ» دەدەم**
**تۆ دەڵێی گارانتی ئەم سەودا چییە؟**
**من دەڵێم گەر ئەرزشی بێ دڵ دەدەم**
**کەس وەکوو ئاوێنە جوانیی تۆی نەدی**
**ناخی کانیم تامی جامی گوڵ دەدەم**
**دوێ بە سرتە تاوی هەنیەت هات گوتی:**
**تیشکەم و تەفرەی مەلی عاقڵ دەدەم**
**دەنگی تۆم لەو ساتەوە تکایە هەناو**
**چێژی با و باران و ئاو و گڵ دەدەم**

کە چوار پارەکانی دەخوێنییەوە هەست

دەکەیـن نووسـینی چوارپـارە هـەر قەڵەمـی ئـەو دەکاڵێتــەوە.

**تڕووسکەی چاوت دەمکێڵێ و**
**دەمکاتە پێدەشتی هەتاو**
**ئاونگی تریفەی گۆنات**
**دەتکێتە قاقڕی هەناو**

**شین دەبێ لە مێرگی ناخا**
**گوڵێک لە بارانی دەنگت**
**دەبمە هێشوی ورشەی نیگا و**
**ڕووباری تۆتی پەرەنگت**

**فوارەی پەنگری بزەت**
**چێژی شێتیم پێ دەبەخشێ**
**سەد بەهاری لێو بە چرۆم**
**لە بیلبیلەیدا دەنەخشێ**

**دەمبێتەوە چاخی سۆز و**
**پڕم دەکەی لە گۆرانی**
**دەمکەیتە ڕەنگاڵەی خولیا و**
**خورەی ئەهوورایی کانی**

کـە دەچیتـە سـەر دوو بەیتییـەکان لـە ناسـکی و ڕەوانیـدا چێـژی دوو بەیتییـە ناسـکەکانی بابـە تاهیـرت وەبیـر دێنێتـەوە، بـە چێـژ و نوێگەرییەکی ئەمڕۆییانـەوە.

**دڵم کاتێ پەیامت بۆ دەنووسێ**
**لەشی تینووم لە ڕۆندکدا دەخووسێ**
**کە بێ تۆیی لە ئامێزم دەکا شەو**
**خەیاڵم بۆنی دەنگت ڕادەمووسێ**

**هەناسەت کوا کە بێ بمکاتە ڕێژی؟**
**بزەت کوانێ کە لێوڕێژ بم لە چێژی**
**کە دەمپەیڤی وەکوو ئازام و بەهارە**
**ئەتۆ بارانی تا دڵی کوڵ دەبێژی**

کـە لـە مەسـنەوییە کـورت و تەرچکەکانـی دەچێـژی، ئـاوی کانـی و تامـی ڕێواسـی هاوسـێی کەویلکـە بەفرانـت وەبیـر دێننــەوە:

**بەرەو پیری ئەوین دەچم**
**بەرەو بناری ژین دەچم**
**نەخشەی تاریکی دەدڕێنم**
**تۆوی دیفە دەچێنم**
**دڵ دەکەمە مێرگی گزنگ**
**سەر لانەی کۆتری پرشنگ**
**چاو لە ڕووناکی دادەگرم**
**چرکەژمێری شەو ڕادەگرم**
**دەبمە مریدی بزەی لێو**
**باخەوانی بریقەی سێو**
**دەبمە ماسی بۆ سلاوێ**
**دەچمە چۆمی شینی چاوێ**
**دەتوێمەوە لە جوانیدا**
**لە سیحری خورەی کانیدا**

کـە شـیعرە نوێیەکانیشـی دەخوێنییـەوە، بـۆت دەردەکەوێت نوێخوازی و جوانپەرستی و دەروەست بـوون، یانـی چـی.

**هاتنە گوتار**
**لەت و پەتی چەند گۆزەڵە**
**مرۆی دەورانی ئەشکەوتین**
**گورگ، ڕێوی**
**بزن، کەپوێشک**
**گورگ، ڕێوی....**
**دەمانکوشتن و**
**نە دەسرەوتین**
**کوتیان ئەی ئێستاکە چۆنە!؟**

ئەو کایانەی ئێوە کوتم:
لە لای مرۆی ئێمە کۆنە
مرۆی ئەمڕۆکە بە بۆمبا،
شتی یەکتر
دە ها ڕ ن و
دەیکەنە دیزە و دەرخۆنە!!

بـەڵام بـە داخـەوە لـە شـیعرە نوێیەکەیانـدا سـەرەڕای جوانییەکانیـان خەوشـێکی تێدا بـەدی دەکـرێ کـە بـە ڕاسـتی لـە قەڵەمـی ڕەسـەن و کوردانـەی کەریـم حیکمەتـی ناوەشـێتەوە، چونکـە شیعرەکان زۆر کوردانـەن و بـە زمانێکـی پـاراو و ڕەسـەن نووسـراون. بریـا ئەوەشـی لاسـایی ئـەو شـاعیرانە نەکردایەتـەوە کـە لەژێـر کاریگـەری زمانـی فارسـیدان و واوی عەتـف لـە سـەرەتای ڕستەدا دێنـن. مـن لـە وتـاری (ئاوێنەیـەک نیگادا) کاتـی خـۆی ئـەو ڕەخنەیـەم لـە کەریـم حیکمەتـی گـرت و بەڵێنـی دا ئیتـر واز لـەو واوەی سـەرەتای ڕسـتە بهێنـێ، بـەڵام وا دیـارە نایـەوێ خـۆی لـە گێـژاوی ئـەو تاقمـە فـارس زەدەیـە (بەرکەوتـە فارسـە، یـان فارسـییە) ڕزگار بـکات.
لـە کوردیـدا زۆر زەق و ناڕەسـەنە. بچـن سـەر لەبـەری کتێبەکانـی شـێرکۆ بێکـەس و عەبدوڵـڵا پەشـێو و ڕەفیـق سـابیر و لەتیـف هەڵمـەت و شـاعیرانی باشـوور گشـتی بخوێننـەوە، بـۆ نموونـە یەکجاریـش ئـەو کارەیـان نەکـردووە، چونکـە کاریگەریـی زمانـی فارسـییان بـە سـەرەوە نییـە. چـاو لـە بەرهەمەکانـی هـەژار و هێمـن و هێـدی و ڕاوچـی و ... بکـەن، لـە شـیعر و پەخشـانکانیاندا ئـەو پەتایـە وەبـەر چـاو ناکـەوێ، بـەڵام شـاعیرانی ڕۆژهـەڵات، چونکـە نەیانتوانیـوە لەژێـر هەژموونـی ئەدەبـی فـارس خۆیـان دەربـاز بکـەن، ئـەو پەتایـە لـە نووسـینەکانیاندا زۆر بەرچـاوە و بـە خەسـارێکی گـەورە و لاسـاییکردنەوەیەکی قێزەونـی دەزانـم. ئـەوەش لـە (سـوارەی ئیلخانیـزادە و عەلـی حەسـەنیانی)یەوە داکـەوت، کـە لەژێـر کاریگـەری شـیعری (نیمـا یووشـیج)دا بـوون، ئەویـش زیاتـر لەبـەر کێشـی شـیعرەکان بـوون، چونکـە شیعرەکانیان لەسـەر کێشـی عـەرووزی بـوون. بـە دوای ئەویشـدا مـارف ئاغایـی و شـاعیرانی دیکـە تـا ڕادەیـەک برەویـان پـێ دا.
بە داخـەوە ئـەو درم و پەتایە کەریـم حیکمەتـی خـاوەن هەسـت و زمـان ڕەسـەن و دەروەستیشـی گرتووەتەوە.
بڕواننـە چەنـد نموونـە لـەو (واوە) پەتایـە لـە شـیعرە نوێیەکانـی (کەریـم حیکمەتـی)دا:

وە سەگ بۆمبا چێ ناکا
وە کانییەک لیپا و لیپی خۆشەویستی
وە ڕێچکەیەک لێوڕێژی بریقەی کانی
وە هەر گوڵێک لەسەر پێی بۆنی خۆی دەڕوا
وە منداڵێک کافگەی فرمێسک
وە گزەنگێکloورەی نسێ بشواتەوە
وە تاعوونێک گەز بە گەز هەر باڵا دەکا
وە جانتام لیپاولیپی تیشک
وە ئارامییەکی سپی
وە من ئەمما
وە بێ ئۆقرە
وە کامەکانی بێ زەروو
وە شیرنایی ئەو لێوانەی...
....................

سەرچاوە:

گزنـگ، شیعر،کەریم حیکمەتی،چاپەمەنـی زانکۆ، بۆکان، چاپـی یەکـەم، ١٣٩٥.